

: sorani

Informasjon til enslige mindreårige asylsøkere

NOAS

# زانیاریی بۆ پەناخوازانی سەڵتی نەوجەوان

بۆ تۆ کە تەمەنت لە نێوان 15 تا 18 ساڵدایە

ئایا تەمەنت لە خوار 18 ساڵەوەیە؟ ئایا هاتوویت بۆ نەرویج بۆ ئەوەی بپارێزرێیت، یانی بۆ ئەوەی داوای پەنادان بکەیت، بەبێ ئەوەی دایکوباوکی خۆت یان کەسێکت لەگەڵ بێت کە بەرپرسیارێتیی بەخێوکردنی تۆی لە ئەستۆ بێت؟ کەواتە تۆ یەکێکیت لەوانەی ئێمە بە پەناخوازانی سەڵتی نەوجەوان ناویان دەبەین.

ئەم نامیلکەیە زانیارییت لەسەر ئەوە دەداتێ کە دوای ئەوەی داوای پەنادان دەکەیت لە نەرویج، چی دەکرێت، وە هەروەها لەسەر ئەوەی کە ئایا تۆ وەک پەناخوازێکی سەڵتی نەوجەوان، مافەکانت و ئەرکەکانت چین.

## سەبارەت بە خانەوادەکەت لە وڵاتی خۆت:

ئەگەر UDI نەزانێت ئەندامانی خانەوادەکەت لەکوێن، دەتوانێت بەدوایاندا بگەڕێت. گرنگە باسی ئەندامانی خانەوادەکەت بکەیت.

گرنگە باسی ئەندامانی خانەوادەکەت بکەیت و بڵێیت کە ئایا لەکوێن.

UDI دەتوانێت بەدوای خانەوادەکەتدا بگەڕێت.

## 1. کێ مافی ئەوەی هەیە بپارێزرێت؟

- تۆ کاتێک مافی ئەوەت هەیە پەنا بدرێیت، واتا مافی پەنابەرییت بدرێتێ، ئەگەربێ و لە حاڵەتی گەڕانەوەتدا بۆ وڵاتی خۆت مەترسیی کوشتن یان ئەشکەنجەت لەسەر بێت، یانیش مەترسیی ئەوەت لەسەر بێت ڕووبەڕووی دەستدرێژیی خەتەرناکی جۆری تر ببیتەوە.

- ئەگەر دەسەڵاتدارانی وڵاتی خۆت توانای ئەوەیان هەبێت بتپارێزن، یان ئەگەر ناوچەیەکی/ناوچەگەلێکی ئاسودە بۆ تۆ لە وڵاتی خۆت هەبێت، بەگشتیی لەحاڵەتی وادا مافی ئەوەت نییە لە نەرویجدا پەنا بدرێیت.

- زۆرجار مەرجەکان بۆ پەنادان لە نەرویجدا بۆ پەناخوازانی سەڵتی نەوجەوان کەمێک کەمترە لەچاو گەورەساڵان.

- ئەوەی کە ئایا کێ مافی ئەوەی هەیە پەنا بدرێت لەو بەڵێننامە نێودەوڵەتییانەدا هاتووە کە وڵاتی نەرویج خۆی پابەند کردووە ڕەچاویان بکات.

## 2. کێ ڕوخسەتی مانەوە لەسەر بنەمای ئینسانیی دەدرێتێ؟

- ئەگەر مافی ئەوەت نەبێت بپارێزرێیت، ئەوکات دەسەڵاتداران لەوە دەکۆڵنەوە کە ئایا مەرجی ئەوەت تیایە ڕووخسەتی مانەوەت لەسەر بنەمای ئینسانیی یان لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی تایبەت بە نەوریجەوە بدرێتێ یان نا.

## 3. کێ ڕوخسەتی سنووردار وەردەگرێت؟

- ئەگەر نەرویج هەر تەنها لەبەر ئەوە ڕوخسەتی مانەوەت بداتێ کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بیانییان [UDI] نازانێت ئایا تۆ لەحاڵەتی گەڕانەوەت بۆ وڵاتی خۆت بەخێوکردنێکی گونجاوت بۆ دابین دەکرێت یان نا، ئەو کاتە بۆی هەیە هەر ڕوخسەتێکی سنووردارت بدرێتێ. ئەمە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان سەرووی 16 ساڵە ئەو کاتەی UDI مامەڵەی دۆزەکەیان دەکات.

- ئەم جۆرە لە ڕوخسەت تەنها تا ئەو کاتە درێژەی دەبێت تا 18 ساڵ پڕ دەکەیتەوە.

- ئەم جۆرە لە ڕوخسەت قابیل بە تازەکردنەوە نییە، وە مافیش نادات بە ئەندامانی خێزانەکەت بێن بۆ نەرویج.

## 4. کام وڵاتە مامەڵەی داخوازییەنامەی پەنادانەکەت دەکات؟

- اهەموو کەسێک ئەو مافەی نییە داخوازییەنامەی پەنادانەکەی لە نەرویج مامەڵە بکرێت. هاوکارییەنامەی دەبلن ڕێککەوتنێکی هاوکارییکردنە لەنێوان وڵاتانێکی ئەوروپییدا و بەو مانایەیە کە داخوازییەنامەی هەر پەناخوازێک لەلایەن تەنها یەک وڵات لەو وڵاتانەوە مامەڵە دەکرێت.

- ئەگەر بەر لەوەی بێیت بۆ نەرویج لە وڵاتێکی تری ئەوروپیی داوای پەنادانت کردبێت، یان ئەگەر دایکوباوکی خۆت یان کەسێکت لەگەڵ بێت کە بەرپرسیارێتیی دایکوباوکایەتییتی لە ئەستۆ بێت لە وڵاتێکی تری ئەوروپیی بێت، بۆی هەیە دەسەڵاتدارانی نەرویجیی بتنێرن بۆ ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی داخوازییەنامەی پەنادانەکەت لەوێ مامەڵە بکرێت.

- دەسەڵاتدارانی نەرویجیی دەتوانن بۆ نموونە لەرێگای وەرگرتنی پەنجەمۆرتەوە بیدۆزنەوە کە ئایا لە وڵاتی تر داوای پەنادانت کردووە یان نا.



- که دەسەڵاتدارانی نەرویجیی بڕیار دەدەن بتنێرن بۆ وڵاتێکی ئەورووپیی تر، ئەوکاتە مافی نووسینی سکاڵانامەت هەیە و پارێزەرەکەت لەم ڕووەوە یارمەتییت دەدات.

- ئەگەر داوای پەنادانت لە وڵاتێکی تری ئەورووپیی کردووە، دەتوانیت لەو کاتەدا کە لەگەڵ ڕێکخراوی نەرویجیی بۆ پەناخوازان [NOAS]-دا قسە بکەیت، باسی بکەیت بۆیان، بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن زانیاریی زیاترت بدەنێ.

## 5. کێ لە نەرویج مامەڵەی داخوزییینامەی پەنادانەکەت دەکات؟

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بیانییان [UDI] بەشێکە لە دەوڵەتی نەرویجیی. ئەوان چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکەن و ئینجا بڕیار دەدەن کە ئایا مافی نیشتەجێبوونت بدرێتێ یان نا. بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بیانییان بەوردیی هەموو داخوازییینامەکانی پەنادان لێک دەداتەوە و هەموو داخوازییینامەیەک بە تاک و سەربەخۆ مامەڵە دەکات.

## 6. دوای ئەوەی داوای پەنادان دەکەیت ئیتر چی ڕوودەدات؟

**وەک پەناخواز لای پۆلیس تۆمار دەکرێیت**

- پۆلیس پەنجەمۆرت وەردەگرێت و جگە لە شتی تر پرسیاری ئەوەت لێدەکات کە تۆ کێیت و بە چی شێوەیەک هاتیت بۆ نەرویج.

- ئەگەر پاسپۆرت یان بەڵگەنامەی ترت پێیە کە پیشانی دەدات تۆ کێیت، ئەوا گرنگە لەکاتی تۆمارکردنەکەدا بیاندەیت بە پۆلیس.



**دەنێردرێیت بۆ کامپێکی پەنابەریی**

- دوای ئەوەی کاری تۆمارکردنەکە لای پۆلیس تەواو دەبێت، دەنێردرێیت بۆ کامپێکی پەنابەریی کە تایبەتە بە پەناخوازانی سەڵتی نەوجەوان. ماوەی سەرەتا لەوێ دەمێنیتەوە..
- پاش ماوەیەک دەگواسترێیتەوە بۆ کامپێکی تر.
- ئەگەر تەمەنت لەخوار 16 ساڵەوەیە ئەوا هەم ماف و هەم ئەرکی ئەوەت هەیە بچیت بۆ قوتابخانە، ئەمە ئەگەر چاوەڕوان کراوبێت کە 3 مانگ زیاتر لە نەرویج دەمێنیتەوە. ئەگەر تەمەنت لەنێوان 16 تا 19 ساڵدایە، ڕەنگە ڕێگەت پێبدرێت بچیت بۆ قوتابخانە بەڵام ئەرک نییە لەسەرت بچیت.
- ئەگەر شتێک هەبوو بەلاتەوە قورس بوو، گرنگە لەگەڵ فەرمانبەرانی کامپەکە قسە بکەیت. ئەوان گوێت لێدەگرن و ئەگەر پێویستت بێت، یارمەتییت دەدەن. ئەرکی بەخێوکردنی ڕۆژانەی تۆ لە ئەستۆی فەرمانبەرانی کامپەکەدایە.

**پشکنینی نەخۆشیی سیل–ت بۆ دەکرێت**

- لە ماوەی چەند ڕۆژی یەکەمدا لە کامپەکە پشکنینت بۆ دەکرێت تا بزانرێت کە ئایا نەخۆشیی سیل–ت هەیە یان نا. ئەم پشکنینە ئارەزوومەندانە نییە و هەموو پەناخوازێک دەبێت بیکات. ئەگەر نەخۆشیی سیلت هەبێت چارەسەری پزیشکییت بۆ دەکرێت.
- ئەگەر گرفتی تەندروستیی گەورەت هەیە کە پێویست بە چارەسەر دەکات، باشترە نووسینەگەی تەندروستیی کامپەکەی لێ ئاگادر بکەیتەوە.

**لەلایەن [NOAS]ەوە زانیارییت پێ دەدرێت**

- ڕێکخراوی نەرویجیی بۆ پەناخوازان (NOAS) فلیمێکی زانیارییت پیشان دەدات سەبارەت بە پرۆسەی داواکردنی پەنادان بە زمانێک کە بە باشیی تێیدەگەیت.
- دوای ئەوەی کە فلیمەکەت بینی، فەرمانبەرێکی ڕێکخراوەکە قسەوباسێکت لەگەڵ دەکات. قسەوباسەکان بە زمانێک دەبێت کە تۆ بە باشیی تێیبگەیت. زانیارییت سەبارەت بەوە دەدریتێ کە ئایا داواکردنی پەنادان چییە، هەروەها سەبارەت بەوەی کە مافەکان و ئەرکەکانت چین. قسەوباسەکان ئامادەت دەکەن بۆ چاوپێکەوتنی پەنابەریی. گرنگە هەر پرسیارێکت هەیە سەبارەت بە داواکردنی پەنادان بیانکەیت.
- NOAS ڕێکخراوێکی ناحکومیی مافەکانی مرۆڤە کە بۆ مافەکانی پەناخوازان لە نەرویج کار دەکات.
- کارمەندانی NOAS ئەرکی نەدرکاندیان هەیە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەوان ناتوانن هیچ لەو شتانەی کە تۆ بۆ NOAS ی باس دەکەیت بیگەیەننەوە بە UDI یان پۆلیس یان هەر شوێنێکی تر. بۆیە پێویست ناکات دوودڵ بیت لەوەی بە قوڵیی باسی ئەوەیان بۆ بکەیت کە بۆچی داوای پەنادان دەکەیت.

**سەرپەرشتیارێکت بۆ دادەنرێت**

- سەرپەرشتیار کەسێکی گەورەساڵە کە کار بۆ ئەوە دەکات کە تۆ مافەکانت پارێزراو بن. سەرپەرشتیار دەتوانێت بڕیارت بۆ بدات وەک چۆن دایک یان باوکی خۆت دەیانکرد ئەگەر لەگەڵتدا بوونایە.
- مادامێک تۆ لێرە لە نەرویج دایکوباوکی خۆت یان کەسانێکت لەگەڵ نییە کە ئەرکی بەخێوکردنتیان لە ئەستۆ بێت، مافی ئەوەت هەیە تا دەبیتە 18 ساڵ سەرپەرشتیارێکت بۆ دانرێت.
- سەرپەشتیارەکە کارمەند نییە لای UDI.
- سەرپەرشتیارەکە کاتی چاوپێکەوتنەکەت لە UDI لەگەڵتدا دەبێت.
- کاتێک کە دەگوازرێیتەوە بۆ کامپێکی تر سەرپەرستیارەکەت دەگۆڕێت.

**پارێزەرێکت بۆ دادەنرێت**

- پارێزەر کەسێکە کە بە باشیی یاساکانی نەرویج دەناسێت و لە مەسەلەی داواکردنی پەنادانەکەتدا یارمەتیت دەدات.
- ئەوانەی کە بەئاشکرا دیارە تەمەنیان لە ژێر 18 ساڵەوەیە، پێش چاوپێکەوتنەکەیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بیانییەکاندا، بەخۆڕایی یارمەتیی پارێزەریان بۆ دابین دەکرێت. ئەوانی تر دوای پشکنینی تەمەن یان دوای چاوپێکەوتنەکەی UDI پارێزەریان بۆ دادەنرێت.

**بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری بیانییەکان (UDI) چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکات**

- ئەو چاوپێکەوتنی پەنادانەی کە دەکرێیت گرنگترین فرسەتە بۆ ئەوەی بتوانیت بۆ UDI باسی ئەوە بکەیت کە ئایا بۆچی داوای پەنادان دەکەیت، وە ئایا ترست هەیە چی ڕووبدات ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت. لە چاوپێکەوتنەکەدا دەبێت لەسەر ئەم شتانە بە دیارییکراویی و بە درێژیی قسە بکەیت.
- هەروەها لە چاوپێکەوتنەکەدا باسی ئەوەش دەکەیت کە تۆ کێیت، ئەندامانی ناو خێزانەکەت کێ و کێن و، چۆن هاتیت بۆ نەرویج.
- لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا جگە لە تۆ، ئەو کارمەندەی UDI کە چاوپێکەوتنەکە دەکات و سەرپەرشتیارەکەت و ووەرگێڕێکیش ئامادە دەبێت.
- وەرگێڕەکە هیچی تر ناکات جگە لە وەرگێڕانی ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن. وەرگێڕەکە مافی ئەوەی نییە ئەوەی لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا دەیبینێت یان دەیبیستێت، بیگەیەنێتەوە کەسی تر.



**پشکنینی تەمەن**

- لە نەرویجدا کە داوای پەنادان دەکەیت تەمەنت گرنگیی خۆی هەیە. ئەوانەی تەمەنیان لە خوارووی 18 ساڵەوەیە، وەک منداڵ چاویان لی دەکرێت و، هەر بۆیەشە مافی زیاتریان هەیە لەچاو گەورەساڵان.

- چونکە ئەو منداڵانەی کە داوای پەنادان دەکەن مافی زیاتریان هەیە لەچاو گەورەساڵان، جار هەیە گەورەساڵان دەڵێن گوایە تەمەنیان لە ژێر 18 ساڵەوەیە. هەندێکی تر لەوانەی کە داوای پەنادان دەکەن بەتەواویی نازانن تەمەنی خۆیان چەندە. بۆیە UDI تەقریبەن لە هەموو ئەوانەی کە دەڵێن تەمەنیان لەنێوان 15 تا 18 ساڵدایە دەپرسێت کە ئایا ڕازین پشکنینیان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت تەمەنیان چەندە یان نا.

- پشکنینی تەمەن چەند پشکنینێکی پزیشکییە کە بەتەقریبیی دەریدەخات تەمەنت چەندە. دواتر زانیاریی زیاترت دەدرێتێ سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو پشکینینی تەمەن چۆن دەکرێت.

- هەروەها UDI سەیر دەکات بزانێت کە ئایا شتی تر هەیە شتێک لەسەر تەمەنی تۆ بڵێت، بۆ نموونە: کارتی ناسنامە، بەڵگەنامە و زانیاریی لە وڵاتی ترەوە. گرنگە تۆ خۆت بەشدار بیت لە دەرخستن و یەکلاکردنەوەی تەمەنت و ناسنامە و کێیەتیدا .

- ئەو پشکنینی تەمەنەی کە دەکرێت ئارەزوومەندانەیە. ئەگەر ڕازی نەبیت لەسەر ئەوەی ئەو پشکنینەت بۆ بکرێت، لەحاڵەتی وادا ئیحتیمالی زۆر هەیە وەک داواکارێکی گەورەساڵ چاوت لێبکرێت و مامەڵە بکرێیت. ئەمەش ڕەنگە کاریگەریی هەبێت بۆسەر داخوازیینامەکەت.

- ئەگەر بەئەنقەست تەمەنی خۆت بە هەڵە بدەیت، وە UDI پێیوابێت کە تۆ پێویستت بەوە نییە نەرویج بتپارێزێت، ئەوکاتە بۆی هەیە لە وڵات دەربکرێیت. دەرکردن دەکرێت مانای ئەوە بێت کە تۆ ئیتر لەداهاتوودا ناتوانیت سەفەر بکەیتەوە بۆ نەرویج و زۆرێک لە وڵاتانی تری ئەورووپا.

- ئەگەر UDI پێی وابێت کە تۆ تەمەنت لە ژێر 18 ساڵەوەیە، سەرپەرشتیار و پارێزەرت بۆ دانانرێت. ئەگەر دخوازیینامەی پەنادانەکەت ڕەت کرایەوە ئەوکاتە پارێزەرت بۆ دادەنرێت.



## له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بیانییانەوە وەڵامێک وەردەگریت:
## یان ڕوخسەتی نیشتەجێبوون یان ڕەتبوونەوە

**پارێزەرەکەت هەواڵت دەداتێ کاتێک وەڵامی ئەوەت بۆ دێت کە ئایا مافی مانەوەت لە نەرویج هەیە یان نا.**

**ئەگەر ڕوخسەتی مانەوە وەربگریت لە شارەوانییەک نیشتەجێ دەکرێیت**

- سەبارەت بەمە لەلایەن کارمەندانی کامپەکەوە زانیاریی زیاترت دەدرێتێ.

**ئەگەر ڕوخسەتی مانەوەی سنوردار وەربگریت، ڕەنگە بگواسترێیتەوە بۆ کامپێکی تر.**

- دەتوانیت سکاڵانامە بنووسیت سەبارەت بەم ڕوخسەتی مانەوەیەت. بۆ ئەمە پارێزەرەکەت یارمەتیت.
- سەبارەت بەمە لەلایەن کارمەندانی کامپەکەوە زانیاریی زیاترت دەدرێتێ.

**ئەگەر وەڵامی ڕەت وەربگریت، دەتوانیت سکاڵانامە بنووسیت**

- بەشێوەیەکی گشتیی لەو ماوەیەدا کە چاوەڕوانی وەڵامی سکاڵانامەکەی، دەتوانیت لە نەرویجدا بمێنیتەوە.
- پاریزەرەکەت لە نووسینی سکاڵانامەیەکدا یارمەتییت دەدات بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی نەرویجیی سەرلەنوێ بەسەر داخوازییینامەی پەنادانەکەتدا بچنەوە.

**ئەگەر سکاڵانامەکەشت ڕەت بکرێتەوە، ئەوکاتە دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت**

- بۆ گەڕانەوە دەکرێت لەلایەن ڕێکخراوی کۆچی نیودەوڵەتیی [IOM] ەوە یارمەتیی بدرێیت. IOM دەتوانێت مەسرەفی گەڕانەوەکەت بۆ وڵاتی خۆت بدات و دەشتوانێت لە دەستخستنی بەڵگەنامەی سەفەردا یارمەتییت بدات.
- سەبارەت بە گەڕانەوە، لەلایەن فەرمانبەرانی کامپەکەوە زانیاریی زیاترت دەدرێتێ.



## ئەگەر دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت، لەم ڕووەوە دەتوانرێت یارمەتیی بدرێت.

- هەروەها بەر لە وەرگرتنی وەڵامی داخوازییینامەی پەنادانەکەت لە UDI، یان کاتێک کە چاوەڕوانی وەڵامی سکاڵانامەکەت دەکەیت یان دوای وەرگرتنی وەڵامی ڕەتکردنەوە، مومکینە یارمەتیی بدرێیت بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت.

- سەرپەرشتیارەکەشت دەبێت ڕازیی بێت لەسەر بڕیاری گەڕانەوەکەت بۆ وڵاتی خۆت.

- ئەوە IOM–ە کە دەتوانێت لە ڕێکخستنی سەفەرەکەتدا یارمەتییت بدات. IOM دەتوانێت مەسرەفی گەڕانەوەکەت بۆ وڵاتی خۆت بدات و دەشتوانێت لە دەستخستنی بەڵگەنامەی سەفەردا یارمەتییت بدات.

- بۆی هەیە مومکین بێت پارەیەکت بدرێتێ ئەگەر خۆت ئارەزوومەندانە بریار بدەیت بە یارمەتیی IOM بگەرێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت. UDI بەرنامەی ئاوێتەبوونەوەی بۆ هەندێک وڵاتی دیارییکراو هەیە. ئەگەر UDI بەرنامەیەکی لەم چەشنەی لە وڵاتی تۆ هەیە، دەتوانیت کاتێک دەچیتەوە بۆ وڵاتی خۆت، پارەیەک وەربگریت.

- دەتوانیت ئەم بابەتە لەگەڵ کارمەندانی کامپەکەتدا باس بکەیت و زانیاریی زیاتریان لێ وەربگریت سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت.

### ڕێنمایی گرنگ دەربارەی چاوپێکەوتنی داواکردنی پەنادان

- بە قوڵیی و بە درێژیی باسی ئەوە بکە ئایا بۆچی ناچار بوویت وڵاتی خۆت بەجێ بهیڵیت و ئایا ترست هەیە چی ڕووبدات ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت.

- له چاوپێکەوتنەکەدا تەرکیز بخەرە سەر ئەوەی کە تۆ خۆت چی بەسەردا هات و چی ڕوودەدات ئەگەر ناچار بیت بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت.
- بە قوڵیی و درێژیی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەرەوە کە لەسەر تەمەنت لێت دەکرێن.
- تا دەتوانیت وورد و دیارییکراو قسە بکە.
- ئەگەر منداڵت لەگەڵدایە، باسی وەزعیان و ئەو شتانە بکە کە بە سەریاندا هاتووە.
- ئەگەر لە کاتی قسەکردنەکاندا شتێک تێنەگەیشتیت داوا لەو کەسە بکە کە چاوپێکەوتنەکەت لەگەڵدا دەکات تا بۆت ڕوون بکاتەوە.
- ئەگەر بەڵگەنامەت هەیە کە پەیوەندیی بە داخوازیینامەی پەنادانەکەتەوە هەیە، باشترە لەگەڵ خۆتدا بیانبەیت بۆ چاوپێکەوتنەکە.
- ڕاستگۆیانە قسە بکەیت. ئەگەر شتێکی ناڕاست بڵێیت ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی داخوازیینامەی پەنادانەکەت ڕەت بکرێتەوە، و بۆشی هەیە لە نەرویج بکرێیتە دەرەوە. شتێکی واش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە داهاتوویەکدا ئەگەر بتەوێت نەتوانیت سەفەر بکەیتەوە بۆ ناو نەرویج و زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا.

## ئەو ئەرک و مافانەی کە تۆ وەک پەناخوازێک هەتن

**ئەرکی ئەوەت هەیە هاوکاریی بکەیت تا ناسنامە و کێیەتیی تۆ یەکلایی بکرێتەوە**

بۆ دەسەڵاتدارانی نەرویجیی گرنگە بزانن تۆ کێیت و تەمەنت چەندە. بۆیە گرنگە هەر دۆکۆمێنتێک کە ناسنامە و کێیەتیی تۆ پیشان دەدات ڕادەستی دەسەڵاتدارانی بکەیت. ئەگەر لە دەست دەسەڵاتدارانی وڵاتی خۆت ڕاتکردووە، لە حاڵەتی وادا دەسەڵاتدارانی نەرویجیی داوای ئەوەت لێناکات بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی ناسنامە پەیوەندییان پێوە بکەیت.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی نەرویجیی گومانیان لە ناسنامە و کێیەتیت هەبێت، بۆی هەیە ببێتە هۆی ئەوەی:

- باوەڕت پێ نەکرێت
- بەختی وەرگرتنی مافی مانەوەت کەمتر بێتەوە
- چەند مافێکت لەدەست بچێت کە ئەگەر وانەبوایە دەتبوون
- مافێکی مانەوەی سنووردارت بدرێتێ

**ئەرکی ئەوەت هەیە زانیاریی ڕاست بدەیت**

وەک پەناخوازێک دەبێت ئەوە ڕوون بکەیتەوە کە ئایا بۆچی داوای پەنادان دەکەیت. بۆیە دەبێت چەند پێت دەکرێت بەڵگەنامەی پێویست بخەیتە بەردەست و هاوکاریی بکەیت.

هەرچییەکت لە کەسی تر سەبارەت بە داواکردنی پەنادان بیستبێت بەر لەوەی داوای پەنادان بکەیت، کاتێک چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکرێت دەبێت بە ڕاستیی ئەو هۆکارانە بە دەسەڵاتدارانی نەرویجیی بڵێیت کە بوونەتە هۆی ئەوەی داوای پەنادان دەکەیت. سزای لەسەرە زانیاریی ناڕاست بدەیت. دانی زانیاریی هەڵە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی لە وڵاتەکە دەربکرێیتە دەرەوە.

**بۆی هەیە لەو ماوەیەدا کە پەناخوازیت مافی ئەوەت هەبێت کار بکەیت**
ئەگەر بتوانیت ناسنامە و کێیەتیی خۆت بسەلمێنیت، بەشێوەیەکی گشتی بە بەردەستخستنی پاسپۆرت، بۆی هەیە ئەو کاتە مافی ئەوەت بدرێتێ لەو ماوەیەدا کە چاوەڕوانی وەلامی داخوازییینامەی پەنادانەکەت دەکەیت، ئیش بکەیت. لە حاڵەتی وادا سەرپەشتیارەکەت دەبێت ڕازیی بێت لەسەر ئەوەی کار بکەیت و نابێت کار لە دەوامکردنی قوتابخانەت بکات.

**مافی چارەسەرکردنی پزیشکییت هەیە**
لەو ماوەیەدا کە چاوەڕوانی وەلامی داخوازییینامەی پەنادانەکەت دەکەیت، مافی چارەسەرکردنی پزیشکییت هەیە. بەشێوەیەکی گشتیی هەموو ئەوانەی کە لە نەرویج تەمەنیان لەسەرووی 16 ساڵەوەیە، دەبێت بەشێکی تێچووی چارەسەری پزیشکیی خۆیان بیدەن. ئەگەر پێویستت بە یارمەتیی چارەسەرکەری دەروونیی بوو، دەکرێت تێچووەکەی لەلایەن UDI–ەوە بدرێت. بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەمە پەیوەندیی بکە بە کارمەندانی کامپەکەتەوە. باشترە هەم UDI و هەم سەرپەرشتیارەکەت ئاگادار بکەیتەوە ئەگەر گرفتی تەندروستیی گەورەت هەیە.

**فرسەتی ئەوەت هەیە داخوازییینامەی پەنادانەکەت بکێشیتەوە**
لەهەر کاتێکدا بێت دەتوانیت داخوازییینامەی پەنادانەکەت بکێشیتەوە. لە حاڵەتی وادا ئەو فرسەتەت دەبێت بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت لە IOM داوای یارمەتیی بکەیت.

**ئایا پێویستت بە یارمەتیی هەیە بۆ دۆزینەوەی دایکوباوکت و ئەندامانی خانەوادەکەت؟**
ئەگەر دەتەوێت یارمەتیی بدرێیت بۆ ئەوەی پەیوەندیی بکەیت بە دایکوباوکت و ئەندامانی خانەوادەکەتەوە یان بیاندۆزیتەوە، دەتوانیت پەیوەندیی بکەیت بە فەرمانبەرانی کامپەکەتەوە.

ڕێکخراوی خاچی سووریش دەتوانێت لە دۆزینەوەی خانەوادەکەتدا یارمەتییت بدات.

## ئەرکی نەدرکاندنی نهێنیی کار

پۆلیس و UDI و UNE (هەیئەتی مامەڵەکردنی سکاڵانامەی بیانییان) هەموو ئەرکی نەدرکاندنیان هەیە. ئەوە بەو مانایە دێت کە ئەوان ناتوانن زانیاریی سەبارەت بە داخوازییینامەی پەنادانەکەی تۆ بدەنە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەت. هەروەها ناتوانن ئەو شتانەی تۆ باسیان دەکەیت لای کەسانێک باس بکەن کە سەروبەریان لەگەڵ داخوازییینامەی پەنادانەکەی تۆدا نییە. شکاندنی ئەرکی نەدرکاندن سزای لەسەرە. بۆیە پیویست ناکات بترسیت لەوەی بە قوڵیی و درێژیی باسی ئەوە بکەیت کە ئایا بۆچی داوای پەنادان دەکەیت.

وەرگێڕەکە، پارێزەرەکە، فەرمانبەرانی تەندروستیی و NOAS هەموو ئەرکی نەدرکاندیان هەیە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەوان ناتوانن هیچێک لەو شتانەی کە تۆ بۆ ئەوانی باس دەکەیت بگەیەننەوە شوێنی تر، تەنانەت نە بە UDI و نە بە UNE و نە بە پۆلیسیش.



## هەندێک ناونیشان

### یەکەی بیانییان لە پۆلیس [POLITIETS UTLENDINGSENHET]
پۆلیس پەناخوازە تازەهاتووەکان وەک پەناخواز تۆمار دەکات
هەروەها پۆلیس ئەو پەناخوازانە لە وڵات دەردەکات کە دوای ئەوەی وەڵامی ڕەتیان وەرگرتووە، ئارەزوومەندانە نەرویج بەجێ ناهێڵن.

**ناونیشانی پۆستیی:** Postboks 8102 Dep, NO-0032 Oslo, Norway
**ناونیشانی سەردان:** Christian Krohgs gate 32, 0186 Oslo لە ئۆسلۆ
ژمارەتەلەفۆن: 00 24 34 22 47+، ژمارەفاکس: 80 24 34 22 47+
پۆستی ئەلکترۆنیی: pu@politiet.no

### بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری بیانییان (UDI)
دەزگایەکی دەوڵەتییە کە یەکێک لە ئەرکەکانی مامەڵەکردنی داخوازییینامەی پەنادان، داخوازیینامەی گردکردنەوەی خێزان، داخوازیینامەی ڤیزا و داخوازیینامەی هاوڵاتێتییە. هەروەها UDI بەرپرسیارە لە کامپەکانی پەناخوازان.

**ناونیشانی پۆستیی:** Postboks 8108 Dep., 0032 Oslo
**ناونیشانی سەردان:** Hausmannsgt. 21, 0182 Oslo لە ئۆسلۆ
ژمارەتەلەفۆن: 00 15 35 23 47+، ژمارەفاکس: 01 15 35 23 47+
ماڵپەڕ: www.udi.no. پۆستی ئەلکترۆنیی: ots@udi.no

### ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیی (IOM)
زانیاریی سەبارەت بە گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە لەڕێگەی دەستگرتن و یارمەتییدانەوە

**ناونیشانی پۆستیی:** Postboks 8927 Youngstorget, NO-0028 Oslo, Norway
**ناونیشانی سەردان:** Storgata 10a 0155 Oslo، قاتی دووهەم، ئۆسلۆ
ژمارەتەلەفۆن: 20 53 10 23 47+، ژمارەفاکس: 21 53 10 23 47+
پۆستی ئەلکترۆنیی: osloreturn@iom.int

کاتی دەوامکردن: ڕۆژەکانی هەفتە لە کاتژمێر 10ی بەیانی تا 3ی پاشنیوەڕۆ.
ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە دەوام نییە.

**هەیئەتی مامەڵەکردنی سکالانامەی بیانییان (UNE)**
ئۆرگانێکی دادگائاسای ئیدارییە کە ئەرکی مامەڵەکردنت ئەو سکاڵایانە کە لەبەرامبەر ڕەتبوونەوەی داخوازییانامە لەلایەن UDI–ەوە دەکرێن.

**ناونیشانی پۆستیی:** Postboks 8165 Dep., NO-0034 Oslo, Norway
**ناونیشانی سەردان:** Stenersgt. 1B/C, 0050 Oslo لە ئۆسلۆ
ژمارەتەلەفۆن: 00 50 08 21 47+، ژمارەفاکس: 01 50 08 21 47+
ماڵپەڕ: www.une.no، پۆستی ئەلکترۆنیی: postmottak@une.no

**خاچی سووری نەرویجیی، خزمەتگوزاریی بەدووداگەڕان**
یارمەتییدان بۆ ئەوەی پەیوەندیی لەنێوان ئەو ئەندامانەی خێزاندا دروست بکاتەوە کە لە ئەنجامی شەڕ، ناکۆکیی یان کارەساتەوە لە یەکتر دابڕاون. خاچی سوور زانیاریی سەبارەت بە تۆ ناداتە UDI یان هەر جیهەتێکی تر. ئەم خزمەتگوزارییەی خاچی سوور بەخۆڕاییە.

**ناونیشانی پۆستیی:** Postboks 1 – Grønland, NO-0133 Oslo, Norway
**ناونیشانی سەردان:** Hausmannsgt. 7, 0186 Oslo لە ئۆسلۆ
ژمارەتەلەفۆن: 00 40 05 22 47+
ماڵپەڕ: www.rodekors.no، پۆستی ئەلکترۆنیی: tracing@redcross.no

ڕێکخراوی نەرویجیی بۆ پەناخوازان ڕێکخراوێکی ناحکومیی مافەکانی مرۆڤە کە زانیاریی و یارمەتیی یاسایی دەداتە پەناخوازان

نامیلکەکە زانیاریی گرنگی تیایە بۆ تۆ کە پەناخوازێکیت و داوای پەنادان دەکەیت لە نەرویج.


**ڕێکخراوی نەرویجیی بۆ پەناخوازان (NOAS)**
ناونیشانی پۆستیی: Torggata 22, 0183 Oslo
ناونیشانی سەردان: Postboks 8893 Youngstotget., 0028 Oslo
ژمارەتەلەفۆن: 60 56 36 22 47+، ژمارەفاکس: 61 56 36 22 47+
ماڵپەڕ: www.noas.org، پۆستی ئەلکترۆنیی: noas@noas.org